# نەورۆز و شتی تریش

جەلال بەرزنجی

بە دەست خۆت نی ئەو بەیانی یە ی گوێت لە سروودی ئەمڕۆژی ساڵی تازەییە نەورۆزە هاتەوە دەبێت کێرڤی کوردایەتیت بەرز تر دەبێتەوە دەچیتە رەوشێکی سۆزاوی بۆ کەسانی دوور لە ماڵەوە رەنگە گەرمایی سۆزیان زیاتر هەڵبچێت بۆ منی  دوور لە ماڵەوە ئەم بەیانیە زیاتر دەبمە کەسێکی (ئەحساساتی) یادەوەری نەورۆزەکانم بیر دێتەوەو, ئە بەیانیە شیعری (وتم بە بەختی خەوالۆ هەڵسە بچینەوە ئەملا)ی حاجی کۆییم بیر کەوتەوە .من لە وەتەی لە کەنەدام چونکە شارەکەی ئێمە زۆر ساردەو بە زستانان هەندێک جار تەرمۆمەتر دەچێتە سی و زیاتریش لە ژێر سفر ئەوەندە بەفری بەردەگای ماڵەوەمان خاوێن دەکەمەوە زۆر بە پەلەم بۆ ئەوەی بەهار بگەرێتەوەوە,کەدەکاتە نەورۆزو یەکەمین رۆژی بەهار جگە لە  دەلالەتەکەی وەک سەرکەتنی راستی بە سەر شەرانگێزی, ژیان سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە, لێرە زانیم رۆژی بیست و یەکی سێ رۆژی شیعریشە لەم رۆژە لە زۆر شوێنی جیهاندا پیرۆزی شیعر ئامادەدەبێتەوە. لە کوردستانیش ئەمجارە لە گەڵ هاوڕێی شاعیر فەرید زامدار باسی ئەم

رۆژەمان دەکرد کە دەکەوێتە رۆژی نەورۆز ئەویش گووتی ساڵی پاریادی رۆژەمان کردەوە , ئەمڕوش من و سەباحەت کارتێکی داوەت نامەمان لە ئۆرگەنازێشنی (کەنەدای فرەکەلتوور) پێگەیشت لە سەرەوەی کارتەکە نووسرابوو( با پێکەوە شەڕی رێسیزم بکەین)

دیارە رۆژی بیست و یەکی سی رۆژی دژە ریسیزمیشە لە دنیاو لێرەش لە شاری ئیدمنتۆن لە هوتێلی (دالتا) بە ئامادەبوونی سەروکی شارەوانی و
ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیرو نووسەرو پەرلەمان تار یادی ئەم رۆژە لە
ژێر تایتلی(زیندوو کردنەوەی رۆژی جیهانی بۆ قەلاچۆکردنی رەگەز پەرستی)کەوا
لەبیست و یەکی ساڵ هەزارو نۆسەدوهەشتاو شەش
یەکەمین جار ئەم رۆژە ناوی لێ نراوە .